چیرۆکی وەرگەڕاو

ن: جولیا بیێ

# کۆچ

و: عەبدوڵا مەحموود زەنگنە



ئازیزەکەم ل....

ئەم کارتەت پێشکێش بێت کە وێنەی کەناری دەریایەکە... هەست بە خەمۆکی دەکەم.. لە ماڵەوە بە دوور و درێژی بۆت دەنووسم..

خۆشەویستیم بۆت... ج

ئازیزەکەم ل...

نیگەرانم: ئەوە دوو مانگە هەواڵی تۆم پێ نەگەیشتووە. نیگەرانم. لێرە زۆر بە کەمی باسی جەنگەکەی لای تۆ دەکەن. هەندێ وێنە و کورتە وتار لە رۆژنامەکاندا بڵاو دەکەنەوە. هەموو جارێک ئەو کارە دەکەن تا باسی زۆرترین دوژمنکاری بکەن. هەشت کوژراو و

دوانزە بریندار بە پێی سەرچاوە فەرمییەکان و شەست کوژراو و هەشتا برینداریش بە پێی هەواڵی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی بەرگری.

دەترسم، چونکە هەموو جارێ وا هەست دەکەم تۆیان لە نێودایت.

لێرە، بارودۆخ ئاساییە، ئاشتییە، کچەکەم گەورە بووە و خەریکە عازەب دەبێت. کوڕەکەیشم گەنجێکی باڵا سەد و بیست سانتیمەترییە. بەڵام من نیگەرانم و هەر ئەوەندەشم پێ دەکرێت پێت بڵێم نیگەرانم. تکایە وەڵامم بدەرەوە، تکایە.

سۆز و خۆشەویستیم، هاوڕێت ج

ئازیزەکەم ج:

دڵنیا بە، من زۆر باشم. هەموو نامەکانتم پێ گەیشتووە، بەڵام خۆت دەزانی تەمبەڵی دای گرتووم. لەم ساتەیشدا نە گۆرانیم بۆ دەوترێت و نە دەشتوانم بنووسم. لە ماڵەوە نووزەم لە خۆم بڕیوە و دەنووم، تا بتوانم دەنووم. دەمەوێ شت لە بیر خۆم بەرمەوە، دەمەوێ کۆچ بکەم، من بەم شێوەیە هەڵدێم.

لێرە هەموو شتێک ئارام و هێمن دەردەکەوێت. بەیانیان لە پەنجەرەکەمەوە بەقاڵەکە دەبینم عەرەبانەکەی دەردەکات، قەسابەکە دووکانەکەی دەکاتەوە، دووکانی شیرینیمەنییەکە لوقم و شیرینی دروست دەکات. هەموویان بانگ دەکەن، پرسیار دەکەن و هەندێ جار نوکتە دەگێڕنەوە. ژنانیش بۆ بازاڕ کردن دێنە دەرەوە، ئەوانیش وەک ژنانی تر چاوەڕێ دەبن، مەعمەلە دەکەن، چارە حیساب دەکەن، شتەکان دەکێشن، تووڕە دەبن و پێ دەکەنن و دەسوڕێنەوە و دەستی منداڵەکانیان دەگرن و رایان دەکێشن، بە یەک دەگەن و دەکەونە وتەوت. بە پرپی پەنجەرەکەم شەقامەکە دەبینم، ئەو رەنگانەی کە بە بەردەمما گوزەر دەکەن، پۆشاک و سەرپۆش و سەبەتەی سەوزە و میوەکان. هەمان هەراوزەنایە،

هەراوزەنای شەقامەکە و دەنگی قسەکردن و تریقەی پێکەنینەکان.

تازە سپێدەیە و دەڵێی هیچ شتێک نەبووە. تەماشایان دەکەم و لەبەرخۆمەوە دەڵێم هەموو ئەوانە راستەقینەن.

دادەبەزم و سواری پاس دەبم، گوێ لە هۆڕینی ئۆتۆمۆبێلەکان دەگرم، دەبینم درەختەکان گوڵیان کردووە، خەڵکی بە پەلە لە شەقامەکان دەپەڕنەوە و شۆفێرەکانیش لە جامەکەوە سەر دەردێنن و جوێنبارانیان دەکەن. هەموو شتێک ئاساییە. دەگەمە نووسینگەکەم و دادەنیشم. ژنە هاورێکەم باسی کوڕەکەیم بۆ دەکات کە شەوان بە رێکوپێکی ددان دەردەکات. نێوەڕۆ لە چێشتخانە نان دەخۆم، لەوێ پیاوێک زەردەخەنەیەکم بۆ دەکات، وا دەردەکەوێت بە دڵی بم. ئێوارە دەگەڕێمەوە ماڵەوە و نان دەکڕم. دواتر بە قادرمەکەدا سەردەکەوم و دەگەم بەو هاوسێیەم کە هەرگیز بەیانی باشم لێ ناکات. هەموو شتێک ئاساییە. گوێ بۆ موزیک رادەدێرم و تەلەفزیۆنەکە پێ دەکەم. هەموو شتێک ئاساییە. سەیری فیلمێکی ئەمەریکی دەکەم و ئەشکێک لە چاوم دێتە خوار. هەموو شتێک ئاساییە. دەخەوم، مۆتەکە دەمگرێت. هەموو شتێک ئاساییە. سبەینێیش پەنجەرەکەم دەکەمەوە و سەوزەفرۆشەکە دەبینم.... شەقامەکە لە خەو هەڵدەستێت و رەنگەکان لە دایک دەبنەوە، زەمیلەکان پڕ دەبنەوە و قاقای پێکەنین و قرە و بۆڵە بەرز دەبنەوە، بەقاڵەکە عەرەبانەکەی دێنێتەوە دەرێ، قەسابەکە کۆتەکەی دادەنێت و شیرینی فرۆشەکەیش شیرینییەکانی. بانگی یەکتری دەکەن و نوکتە دەگێڕنەوە. ژنان دەکەونەوە بازاڕ کردن. لە ناکاودا گرمەیەک دێت، گرمەیەکی گەورە و بێ وێنە.. دواتر، بێدەنگی و کپی و دوایی هاوار و فیزاح. پیاوان و ژنان بە هەموو لادا بەیەکدادێن و لە ژێرزەمینەکاندا خۆیان ون دەکەن. شیرینییەکان بەو ناوەدا پەرش و بڵاو دەبنەوە و دەکەونە ژێر پێ.

زۆر نابات شـەقـام چۆڵ دەبێت. جـانـتـا کـەوتووەکـانـی سـەر زەوی رەنگەکـان هـەڵدەهێننەوە. منیش لە پەنجـەرەکـەمـەوە ئۆتۆمـۆبێلەکـان دەبینم کـە تێ دەپەڕن، وەک ئەوەی نەفـەس کێشـانێک بێت، بەڵام بە زرم و هوڕ. تازە کار لە کار ترازا. شـەقـام چۆڵ و شـیـرینی لەسـەر زەوی پان و پلیشـاوە و منیش حـەزم لە چوونـەدەرەوە نەبوو. تەنیـا دەمەوێ بخەوم. ئاخۆ ئەمە لە بەزمە سەیرەکانی شەڕ نییە؟ نەخێر، سوپاس بۆ نامەکانت، هـەواڵی وڵاتم بۆ بنێرە.

ئازیزم ل...

سـوپاس کـە لەو بێدەنگییە هـاتیتە دەر. کـە نامـەکـەتم بەدەست گەیشت کچەکەمم لە ئامێز گرت و بە کاغەز فڕۆکەیەکم بۆ دروست کـرد، خـۆی حـەزی لێیـەتی. منیش ئەو هـەلەم قـۆسـتـەوە و کـردمـە باوەشم. ناتـوانم و حـەزیش ناکـەم ئەم شـەڕە کپ و بێـدەنگە بێنمـە پێش چاوم و بیری لێ بکەمەوە.

داوای هـەواڵی وڵاتم لێ دەکـەیت، نازانم مـەبەسـتت چ وڵاتێکە. مـەبـەسـتت وڵاتەکـەی خـۆتە؟ هـەواڵەکـان هـەمـوو کـات کـەمن. بەڵام، بەڵێ، هـەفـتـەی رابردوو باس لە هـێـرشـێکی دوژمنکارانە کـرا بۆ سـەر"ی" لە باشـووری "ف"وە، لەوێ کـە دەسـتـدرێژی کـرایە سـەر دوانزە کچ. ناشـزانین تاوانبـاران سـەربازەکان بوون یان کـەسـانی تر. هـەمـان چیـرۆک بەردەوام دووبارە دەبێـتـەوە. لەوانەیە لە نێـوان "ف" و "ن" دا ئەم مـانگە دانوسـتـان بکرێت. دەبینی زانیـارییـەکـان زۆر کەم و کورتن.

لێـرەیش هـەواڵی هـەڵبـژاردنەکـان هـەمـوو راگـەیاندنەکـانی قـۆرخ کـردووە و خـەڵکیش گوێ بە مـونازەرە بێ مـانا و بۆشـەکـان نادەن. چونکە شـتێکیـان تێدا نییـە جێی بایەخ بێت، شـتێک باس لە ژیان بکات.

ئەوەتا "و"یش ئـەسـتـێـرەی ناوەتە سـەر شـان و بووەتـە ئەفسـەر، شــانازیـی پێــوە دەکــات. مـنیش هـەروەها "ف"یش بەردەوام ئیش

دەکات، پێموایە خۆشیم دەوێت. دەچمە نووسینگە و ئەم بەیانییە نامەکە دەنێرم.

چاوەکانت ماچ دەکەم، ئاگات لە خۆت بێت. ج

باش دەکەیت کە نامەکانم بۆ دەنێریت. تۆ سەیرکە، ئەو هاوسێیەی قاتی سەرەوەمان تۆزێک رۆنی دامێ، لە سەر پلیکانەی قادرمەکە کەمێک قسەمان کرد و منیش بوتڵەکەم دایێ و ئێوارە لەگەڵ چەپکێ گوڵا بۆی هێنامەوە. ئەو زگورتییە و پیاوێکی جوانیشە.. خەونی پێوە دەبینم.

لە نامەکەدا شوێنی ماچێک نەبێت جێگە نەماوە شتی ترت بۆ بنووسم.... ل.

ئازیزەکەم...ل

کەوابێ، زۆر بە پەرۆشم بۆ بیستنی چیرۆکی عەشقێنییەکانت. منیش تابلۆیەکی "ماتیس"م بۆ هەڵبژاردوویت. وا بزانم ئەو تابلۆیەت خۆش دەوێ. ئەرێ گەلەریی"ا"ت بیر ماوە؟

خۆشەویستیم بۆت...ج.

ئازیزم... ل دوو مانگ بەسەر دوایین نامەمدا تێ پەڕیوە. چی رووی داوە؟ لێرە باس لەوە دەکەن لای ئێوە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بڵێیت هیوایەکی لێ بەدی بکرێت؟

چاوت ماچ دەکەم.... ج .

ئازیزەکەم... ل.

وەڵامم بدەرەوە، تکات لێ دەکەم. هەواڵێکی گرینگم پێیە، من و "ف" زەماوەند دەکەین. دوای پانزە ساڵ پێکەوە ژیان ئێستا ئامادەی زەماوەندین. هیوادارم ببیتە شایەتی ئەو هاوسەرییە. تکایە وەڵام...ج.

ئازیزم... ج

بەڕاستی دڵت خۆش کردم. خۆت دەزانیت کە ناتوانم بێم. وادەی

هەڵبژاردنەکان دیاری کراوە. مردووەکانیش دەنگیان داوە و نەخوێندەوارەکان نووسییان و کەڕ و لاڵەکانیش دەنگیان دا. بەڕاستی عەجایبترینی هەڵبژاردنەکانە.

هەفتەی رابردوو هاوسێکەم کۆچی دوایی کرد، ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بەیانی باشێکی لێ نەکردم. لەسەر شەقامەکە گوللەیەک بەر سینگی کەوت و گوللەیەکی تریش دڵێکی گەورەی داگیر کرد.

ئەمجارەیشیان هەڵاتم و دوو شەقامی تر دوور کەوتمەوە. زۆر جار لە خۆم دەپرسم ئاخۆ چەند جار مەرگم بە ئاوات خواستووە؟ هیوادارم بەختەوەر  بیت...ل.

ئازیزم....ل:

کە گرێبەستی هاوسەرییەکەم ئیمزا کرد، هیوام خواست تا سەر بێت. دەترسم، هاوڕێ ژیان ئاوهایە؟

چاوەکانت ماچ دەکەم...ج.

تێبینی ئەی هاوسێکەی گوڵی بۆ هێنایت چۆنە؟

ئازیزم..ج:

هاوسێکەم؟ یەکێکە لەو بێ قیمەتانە. شووی خۆت بکە ئازیزەکەم و لە ماڵەوە دەرمەچۆ. پانتۆڵ لە پێ مەکە. با تەنوورەکەت شۆڕ بێت و لەچکەکەیشت لووتت داپۆشێت. چەپکە گوڵەکەیش تەڵەیەکی تر بوو، ساتەوەختی بەر لە تەقینەوەی بۆمبەکە بوو. ماڵەکەم دەگوێزمەوە، ئێستا لەو هاوسێیەم دەترسم. نامەوێ ئەدرێسەکەم بزانێت.

هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم.. ل.

سەرچاوە: کۆمەڵە چیرۆکی (هاوڕێی جەنگەکان) خانمەنووسەری فەڕەنسی جولیا بیێ